# پێگەی پرۆلیتاری[١]

سلاڤۆی ژیژەک

وەرگێڕانی: وەلید عومەر

پێموانیە بەتەنیا یەک بکەر و بریکار[٢][ی شۆڕشگێڕانە] بوونی هەبێت. چیتر چینی کرێکار و شتی تری لەم جۆرە بوونی *نیە*. پێموایە ئەوەی هەیە خەڵکانێکن کە خۆیان لەو شوێنەدا دەبیننەوە کە من پێی‌دەڵێم پێگەی پرۆلیتاری(proletarian position). هەندێک جار هەژار و نەدارن و، هەندێ جاریش خۆشگوزەران. ئەوەی دەمەوێت لەبارەی ئەم چەمکەی پێگەی پرۆلیتارییەوە ئاماژەی پێ‌بکەم ئەوەیە کاتێک تا ئاستی سفر دادەبەزیت، سوبێکتێکی تر سەردەردێنێت کە چیتر خودی خۆی نیە [و هەمان سوبێکتی پێشوو نیە]. لێرەدا دەمەوێت ئاماژە بۆ کتێبی *برینداره نوێیەکان*[٣]، لە نوسینی کاترین مالابۆ، بکەم. ئەو لەم کتێبەدا بانگەشەی ئەوەی کرد کە ئێستا ئیتر لەبەردەم فۆرمێکی نوێی نەخۆشییی دەروونییداین. گەر سەدەی بیست بە "عوسابی هیستری[٤]" ناسرابێت، ئەوا ئێستا لە جاران زیاتر و بەشێوەیەکی هەڵکشاو، لەبەردەم کەسایەتییەکی «پۆستتراومایی»داین. لەم فۆرمە نوێیەدا، کەسەکە مل بۆ جۆرێک لە

---

[١]. ئەم نوسینە کورتە، وەڵامی ژیژەکە بۆ پرسیارێک لەو ٣٤ پرسیارەی کە کتێبی (داواکردنی مەحاڵ- Demanding the impossible) پێکدێنێت. هەر پرسیار و وەڵامێک وەک فەسڵێکی کورتی کتێبەکە جیاکراوەتەوە. لێرەدا پرسیارەکەمان لابرد و بە پێویستمان نەزانی، پرسیارەکە لەوێوەیە کە بکەری شۆڕش کێیە و ئەمڕۆ پرۆلیتاریا کێ دەگرێتەوە. لەبەر ڕۆشنکردنەوەی سیاقەکان، وەرگێڕانەکە لە چەند شوێنێکدا وەرگێڕانێکی ئازاد و مەفهومییە.

[2]. agent

[3]. The New Wounded (Les nouveaux blesses)

[4]. hysterical neurosis

شۆک و تراوما هەر کەچدەکات. دەکرێت ئەم تراومایە لاقەکردن، پشێویی گشتی، نەخۆشی و هەر شتێکی تریش بگرێتەوە. خۆ بە زیندوویی دەمێنینەوە، بەڵام وەک مردوویەکی زیندووین: بێبەش و بێبەری لە جەوهەر و بوونی کۆمەڵایەتییمان.

کاتێک مالابۆ پەرە بە چەمکی "لاستیکییەتی وێرانکەرانە[5]"ی سوبێکت دەدات، ئەو سوبێکتەی کە پاش مردنە جەستەییەکەشی هەر بەردەوامە لە ژیان، پەنجەدەخاتەسەر خاڵێکی گرنگ: گۆڕانی ڕەنگدەرەوەی وێرانکردنی فۆرم[ێک] بۆ فۆرمێکی تر، ئەویش لەلایەن هەمان پرۆسەی وێرانکردنەوە. بە زمانێکی سادە، تۆ هێندە شۆکت بەرکەوتووە، گەرچی زیندوویت بەڵام خودی خۆت، واتە ئیگۆت وێرانبووە. بە کەمێک زیادەڕۆییەوە، دەتوانین ئەو سوبێکتەی کە لە جەوهەرە [حەیاتی] و لیبیدۆییەکەی بێبەشکراوە ناوبنێین "پرۆلیتاریای لیبیدۆیی". پێگە و دۆخێکی نائومێدانەیە.

بە هەمان شێوە، بە مانا ژینگەییەکەشی، ئێمە خەریکە دەبینە پرۆلیتاریا، مەبەستم لە مافە بنەڕەتییە سرووشتییەکانمان بێبەشبووین. لە بایۆجیناتیشدا، گەر دەسکاریی بونیادی جیناتییمان شتێکی مومکین و ڕەخساو بێت، ئەوا هەمان شت ڕوودەدات.

بۆیە ئەو خاڵەی دەمەوێت ئاماژەی پێبکەم ئەوەیە کە دەبێت بەدوای دۆخە مومکینەکانی پرۆلیتارییەوە بین. مەبەستم لە دۆخی پرۆلیتاری کورتبوونەوە و دابەزینە بۆ پلەی سفر و بێبەشبوون لە هەموو مەرجە بابەتییەکانی بوون و ژیانمان. هەر لەبەر ئەمەشە لەگەڵ ئەو کەسانەدا کۆکم کە دەڵێن یەکەمین فیلم لە سیانەی *ماترێکس*، بەجۆرێک لە جۆرەکان، فیلمێکی پرۆلیتارییە. لەم فیلمەدا دیمەنێکی سەرنجڕاکێش هەیە کە دەرهێنەر دواتر نەیقۆستەوە و لەسەری نەچوو. لەم دیمەنەدا، گەر لە بیرتان بێت، هەموان وەک مردوو لەسەر زەوییەکە پاڵکەوتوون و وزە و ئینێرژییەکەیان لە لەشیان دەردەهێنرێت. ئایا لێرەدا هەموان بەجۆرێک دانەبەزیون و کورتنەبوونەتەوە بۆ پێگەیەکی پرۆلیتاری؟

هەڵبەت بەشێک لە خەڵکی فتکراون و کراونەتەدەرێ. ئەم خاڵە بەلای منەوە هێجگار گرنگە. پێموایە خاڵە غەمگینەکە دەرهەق بە دۆخی ئێستامان ئەوەیە کە مارکس زۆر گەشبین بووە. بە دیدی مارکس، چەوساندنەوەی سەرمایەداری لە هەلومەرجی ئازادیی یاسایی و یەکسانییدا ڕوودەدات. واتە هەموان لە مافە یاسایی و فۆرماڵەکان و ئازادی سودمەندن، بەڵام گەر پارەتان نەبێت ئەوا ناچاردەبن خۆتان بفرۆشن و ئەوانیتریش *دەتانچەوسێننەوە*. بەڵام پێموایە سەرمایەداریی جیهانی چیتر ناتوانێت پشتگیری لەم یەکسانییە جیهانییە بکات و بەردەوامیی پێبدات. پێموایە کۆچبەرە نایاساییەکان یاخود پەنابەران، لە جاران زیاتر کەوتوونەتە دۆخ و پێگەیەکەوە کە جۆرجۆ ئاگامبێن ناویناوە هۆمۆساکەر. ئەوانە یان لە ناوەوەن یاخود دەرەوە، کورتیشبوونەتەوە بۆ ژیانێکی ڕووت لە دەرەوەی پۆلیس(یان شار)، [هیچ مافێکی ڕەمزی و

---

5. destructive plasticity

یاسایی و کۆمەڵایەتییان نیە و قوربانیکردنیشیان سزای نیە]. هەموو تێکڕا بەشێوەیەکی مات و نوستوو[٦] هۆمۆساکەرین و تاکەڕێگەیەک بۆ ئەوەی تێینەکەوین بریتییە لە هەنگاوی بەرپێگر و بەربەستکارانە. وایدەبینم ئەمەش یەکێکە لە پێگە پرۆلیتارییەکانی سەردەمی خۆمان.

سەیرێکی پێگەی پرۆلیتاری بکەن لە ئەنتەرنێتدا. خۆ ڕوونە جڵەوی ئەنتەرنێت بەدەستی کێوەیە. ئەوەی سەبارەت بە "هەوری کۆمپیوتەری"[٧] بەڕاستی نیگەرانکەرە، بریتییە لە بەتایبەتیکردنەوە[٨]ی زەبەلاحی فەزای جیهانی. لەجیاتیی ئەو کۆمپیوتەرە گەورانەی کە هەموو زانیارییەکیان لە هەناوی خۆیاندا هەڵگرتووە، مەکینە و ماشێنە شەخسییەکان، لاپتۆپ یان کۆمپیوتەری شەخسی، ئایفۆن و هتد، پەیوەستدەکرێن بە ئەنتەرنێتەوە بەڵام لەگەڵ بەردەستبوونێکی سنورداردا. دیارە ئەمە لە هەندێک ڕووەوە ئەرێنی و ئیجابییە و ئەو توانایەمان پێدەبەخشێت تاکو ڕاستەوخۆ دەستمان بگات بە هەموو فیلمەکان و بەرهەمەکانی تریشدا. بۆیە هەموو شتێک بەردەست دەبێت، بەڵام لەڕێگەی ئەو کۆمپانیایەوە کە هەموو شتێکی بەدەستەوەیە: ئیتر لە سۆفتوێرەوە بیگرە تا دەگاتە هاردوێر و ناوەڕۆک [ی بابەتەکان] و کۆمپیوتەرەکان. پرسیارە ڕاستەقینەکە ئەوەیە کە ئەم هەمووە شتە چیە؟ هەموو شتێک سانسۆردەکرێت. هەوری کۆمپیوتەری، بەرەیەکی فراوانی هەڵبژاردن دەخاتە بەردەم بەکارهێنەران. ئایا ئەم ئازادییە، هەڵبژاردنی سەرەتایی مسۆگەرکەری ئەم هەڵبژاردنانە پشتڕاستناکاتەوە و، هێدیهێدی ئازادییمان لێ زەوتناکات؟

با نمونەیەکی ڕوون بێنمەوە: کۆمپانیای ئەپڵ، لەڕێگەی گرێبەستێکەوە، بەشی هەواڵی تەلەفۆنەکانی خۆی فرۆشتە ڕۆبەرت مۆردوک(Rupert Murdoch) و ئیمپراتۆریەتە میدیاییەکەی. بەم جۆرە، لەمەودوا هەر هەواڵێک کە لەسەر ئایفۆنەکان دەردەکەوێت هەواڵەکانی ئیمپراتۆریەتی مۆردوک دەبێت. شتێکی ترسناکە. گەر بمەوێت بە زمانە کۆنەکە قسە بکەم، ئەوا ئەنتەرنێت بۆ من "مەیدانی ململانێی چینایەتی"ـە. لەم مەیدان و کایەیەدا، شەڕەکە پێشتر دەستی پێکردووە. ستیڤ جۆبز، لە بیل گەیتس باشتر نەبوو، بەڵکو وەک تازەش زانیومە جۆبز زۆر لەو خراپتر بوو. چونکە بەئاشکرا ئەم ماشێنانەی خراپبەکاردەهێنا [و ئیستیغلالی دەکردن]: چەواشە و ئیستیغلالێکی ڕووت.

[6] . potentially

[٧]. cloud computing، یان کۆمپیوتەری هەوری: مۆدێلێکی گەیاندن و پێکەوەبەستن و خەزنکردنە لە ئەنتەرنێتدا و لە کۆمەڵێک سێرڤەری دوور و جودا پێکدێت. بۆنمونە لێرەدا لەبری ئەوەی هاردوێر و زاکیرەی ماتریاڵی بەکاربێنیت، بەشێوەیەکی مەجازی زاکیرەیەکی ئەنتەرنێتی لە سایتێکی وەک (گوگڵ)دا بەکاردێنیت و داراییە شەخسییە نامادییەکانت کە زانیارییەکانتە لەوێدا هەڵدەگریت و دەیخەیتە بەردەستی کۆمپانیاکان. وشەی هەور لەم دەستەواژەیەدا تەعبیرە لەوەی کە بەکاربەریش وەک ناوەوەی هەور ئاگای لەپشتی تۆڕی ئەنتەرنێت و ڕووداوەکانی نیە، جگە لەوەی هێڵکاریی کۆمپیوتەری هەوری لە شێوەی گەواڵە هەورێکدا دەکێشرێت کە بە شێوەیەکی نادیار و ئەبستراکت کۆمەڵێک سۆفتوێری جیاجیا پێکەوەدەبەستێت.

[8]. reprivatization

ڕەنگە خۆیشتان بیزانن ڤێرژنی یەکەمی ئایپاد، نە توانا و قابیلیەتی تەلەفۆنی لەخۆیدا هەڵگرتبوو، نە قابیلیەتی بەستنەوەی USB یش. من قسەم لەگەڵ کەسێکدا کرد کە پەیوەندیی لەگەڵ کۆمپانیای ئەپڵدا هەبوو. پێی وتم خۆ جۆبز دەیزانی کە ڤێرژنی سەرەتایی ئایپاد باش دەفرۆشرێت و دەیویست خەڵک یەکسەر لەدوای ڤێرژنی یەکەم، ڤێرژنی دواتریش بکڕن. شتێکی تۆقێنەرە! وەک دەشیبینن شتەکە هەروا بەو سادەییە نیە کە لە نیگای یەکەمدا دەردەکەوێت. ئەمڕۆ دەستڕاگەیشتنی جیهانی بە زانیارییەکاندا، بەشێوەیەکی هەڵکشاو، لەڕێگەی بەتایبەتیکردنی مەجازی و مۆنۆپۆڵکارانەی شێوەهەورییەوە مومکین و ڕەخساوە. تا بەکارهێنەر زیاتر دەستی بگات بە فەزای گشتی و جیهانییدا، ئەوا خودی فەزاکە تایبەتییتر دەبێتەوە. پێموایە، کلیلی چارەسەری ئەم گرفتە، لە بەتایبەتیکردنی ئەم هەورانەدایە. ئەمە کێشەیەکی تەکنۆلۆژی نیە، بەڵکو بڕیارێکە کە سەرتاپای ئابورییانە/ئایدۆلۆژییانەیە.

لێرەشدا هەر سەروکارمان لەگەڵ کێشەیەکی پرۆلیتارییدایە. لەڕواڵەتدا دەتوانیت لەڕێگەی ئایفۆنەوە پەیوەست ببیت بە هەموو شتێکەوە، بەڵام لە هەمانکاتدا هیچت نیە. هەموو شتێک کەوتۆتە دەرەوەی ئێوەوە و ئەمەش بەو واتایە دێت کە تۆ پەککەوتە و بێتوانایت. ئێستاش شتێکی تر لە سەرهەڵداندایە کە جگە لە (فەزای گشتیی تایبەتی)[9]، هیچ ناوێکی تر شکنابەم لێی‌بنێم. ئەو دەمەی بەشێوەیەکی ئیرۆتیکانە لەسەر ئەنتەرنێت چاتدەکەن، تەنانەت ئەو دەمەشی کە وێنەکانتان یان شتی تری لەم جۆرە نمایشدەکەن ئەوا ئەو هەستە داتاندەگرێت کە لەگەڵ جیهاندا لە پەیوەندییدان، کەچی لەڕاستیدا هێشتاش هەر لە فەزایەکی تایبەتدا تەنیا و دابڕاویت. ئەمە جۆرێکە لە سۆلیپسیزم و خودتەنیایی جیهانی. هەندێک شتی سەیر و سەرنجڕاکێش لە ڕووداندان. لەلایەکەوە تەواو تەنیایت و کەچی لەلایەکی تریشەوە لەگەڵ هەمواندا لە پەیوەندییدایت، یاخود لەگەڵ هەمواندا لەپەیوەندییدایت بەڵام بە فۆرمە کۆمەڵایەتییەکە پەیوەندییت لەگەڵ کەسدا نیە.

ئەمە وەڵامی منە. یەکێک لە مارکسییە ئینگلیزەکان کە سەر بە فەلسەفەی شیکارییە، ئاماژەی بۆ خاڵێکی سادە و هاوکات سەرنجڕاکێش کردووە کە پێموایە هەقیقەتێکی تیایە. بە قسەی ئەو، لە سەردەمی مارکسدا پرۆلیتاریا(چەمکە کۆن و سودمەندەکەی حەتمیەتی مارکسی کە سوبێکتی پرۆلیتاریی شۆڕشە) بە کۆمەڵێک خەسڵەت پێناسەدەکرا و دەناسرایەوە: ئەوان هەژارترین و قەرەباڵغترین توێژی کۆمەڵگا بوون، بۆ [گیرفانی] ئەوانیتر شتیان بەرهەمدەهێنا و هتد. ئەمڕۆش ئەم خەسڵەتانە هەر هەن، بەڵام لە یەک سوبێکتدا [بەناوی پرۆلیتاریای کلاسیکییەوە] کۆنەبووەتەوە.

بۆیە من لە هەوڵدام چەمکی پرۆلیتاریا پێناسەبکەمەوە. لەم پێناسەیەدا پرۆلیتاریا بە کەسانێک دەوترێت کە پەیوەستن بە پێگەیەکەوە کە هیچ "شوێن و مەکان"ێکی جێگیر و دیاریکراوی نیە، کەسانێک کە بەشێکن لە بونیادی کۆمەڵگە بەڵام هیچ ڕۆڵێکی تیاناگێڕن. ئەم

9. private public space

قسەیە بەو مانایە دێت کە چەمکی پرۆلیتاریا دەبێتە چەمکێکی خز و گۆڕاو. بۆنمونە، ئەمڕۆ هەژارترین چینوتوێژ ئەوانە نین کە کاردەکەن بەڵکو ئەو کەسانەن کە بێکار و دەرکراون و هتد. بۆیە یەک سوبێکتی دەستنیشانکراو بوونی نیە. دەبێت بەدوای شتێکدا بگەڕێین کە بتوانین ناویبنێین پێگە جیاوازە پرۆلیتارییەکان.

هەروەها لێرەدا لەگەڵ ئەو هاوڕێ چەپە ئۆرتۆدۆکسانەدا ناکۆکم کە هێشتاش چەمکە کۆنەکەی پرۆلیتاریا یەکساندەکەنەوە بە چینی کرێکار. بۆ ئەوەی پەستیانبکەم، نمونەیەکیان بۆ دێنمەوە کە تووڕەیاندەکات. لە چوارچێوەی چەمکە مارکسییەکەی چەوساندنەوە و تیۆری بەهای کاردا، دەتوانین بڵێین هۆگۆ چاڤێز بەهۆی سودەکانی نەوتەوە ئەمریکای چەوساندۆتەوە. مارکس لە *سەرمایە*دا باس لەوە دەکات کە سەرچاوە سرووشتییەکان بە سەرچاوەی بەها دانانرێن. ئەمە بەو مانایە دێت کە پێویستە سەرلەنوێ پێناسەی کاتیگۆریی چەوساندنەوە بکەینەوە. مارکس زۆر ڕاشکاوانە باس لەوە دەکات- و تەنانەت نەوت بە نمونەش دێنێتەوە- کە هەموو بەهایەکی نوێ لەلایەن کارەوە دەخولقێنرێت و درووستدەکرێت. کەواتە ئەو سود و قازانجە گەورانەی کە خەرجیی شۆڕشەکەی چاڤێزیان دابیندەکرد لەکوێوە دەهاتن؟ لە فرۆشتنی نەوتەوە بە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا. باسەکەم ئەوەیە کە پێویستە چەمکی چەوساندنەوە و پرسەکانی تر بەتەواوی بخەینە بەردەم دووبارە بیرلێکردنەوە و پیاچوونەوە. دەبێت هەمووی بخرێتە بەردەم بیرکردنەوەی دووبارە و سەرلەنوێ.

**لەم دوو سەرچاوەوە کراوەتە کوردی:**

١) **خواست ناممکن، اسلاوی ژیژك، ترجمەی کامران برادران، نشر حکمت کلمە، ١٣٩٥.**

2) Demanding the Impossible, Sla voj Zizek, Edited by Yong-june Park, Polity Press, 2013.